کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 12-9-2007 16:00

## سەرکەوتنی حیزبی عەداڵە و، کاڵبوونەوەی حیکایەتە کۆنەکان ... نەجات ئەسپیندارەیی

"هیچ شتێك نابینم ببێتە کۆسپ لەبەردەم گۆڕان و پێشکەوتندا، جگە لە گومان و دوودڵی نەبێ".
(حەزرەتی عەلی)

هەندێك حیکایەتی کۆن هەن، دەمێکە باویان نەماوە و مۆدێلیان بەسەرچووە، کەچی هەندێك کەس کردوویانەتە وێردی سەر زمانیان و وەکو ئاسنی سارد هەمیشە دەیکوتنەوە، ئەو حیکایەتانەش بریتین لە خەباتی دێرین، خەباتی حیزبایەتی، خەباتی چینایەتی، خەباتی شاخ و داخ، یان فڵانە حیزب ئەوەندە ساڵ خەباتی هەیە، فڵانە حیزب ئەوەندە ساڵ قوربانیی داوە و وای کردووە و وای هێناوە و وای بردووە.. بەڵام ئەوەی راستی بێ لە دیدو بۆچوونی نەوەی نوێدا ئەم جۆرە قسەو باسانە هەمووی حیکایەتی بەسەرچوون و لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا سەنگ و بەهایان نەماوە، چونکە ئێستا نەوەیەك دروست بووە، ئاوڕ لە رابردوو ناداتەوە، بەڵکو بۆ ئێستا و ئایندە دەڕوانێ، سەربوردە و حیکایەتی کۆنی ناوێ بۆی بخوێنیتەوە، بەڵکو دەیەوێ نەخشەی دوارۆژێکی پرشنگداری بۆ بکێشی، دەیەوێ خەون و خۆزگەکانی بۆ بێنیتە دی و هەموو پێداویستییەکانی ژیانی بۆ دابین بکەی، نایەوێ پێی بڵێی من کاتی خۆی وام کردووە و ئەوەندە هەوراز و نشێوم بڕیوە و ئەوەندە پێڵاوم دڕاندووە و ئەوەندە دڕك لە قاچم ڕا چووە و ئەوەندە نان و پیاز و دۆم خواردووە و ئەوەندە گوللەم تەقاندووە و ئەوەندە فیشەکدانم بەتاڵ کردووە، بەڵکو دەیەوێ پێی بڵێی من ئەمڕۆ وات بۆ دەکەم و ئەوە بەرنامەکەمە و ئەوە پرۆژەکەمە و بە جوانترین شێوە خزمەتت دەکەم، بەم نەخشە و پلانەی کە لە بەردەستمدایە دەتوانم دەرگایەکی فراوانت بەسەر ئاسۆی دوارۆژدا بۆ بکەمەوە و گۆڕانکارییەکی رادیکاڵی لە ژیان و گوزەرانتدا بکەم، جیلی ئێستا لە هەموو جیلەکانی پێش خۆی زیاتر هەست بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بۆیە بە قووڵی بیر لە چارەسەر دەکاتەوە و بەدوای چارەسەریشدا دەگەڕێ، بەڵام پێویستی بە نوخبەیەك هەیە، پێویستی بە مرۆڤی کارا و پرۆفیشناڵ هەیە، بۆ ئەوەی رێنمایی بکات و گەشە بە ژیانی بدات.. نەوەی تازە دوای تاقیکردنەوەی ئەو هەموو سیستەمە کۆمەڵایەتییانەی کە نەیانتوانی خەونەکانی بێننە دی، ئێستا پێویستی بە دەست و بازوویەکی پۆڵایین و بە نوخبەیەکی هۆشیار و چالاك هەیە، کە بە سیستەمێکی نوێوە بناغەی ژیانێکی ئاسودە و سەرفرازی بۆ دابڕێژێ، نەوەی ئێستا بیر لە ئاسۆی دوارۆژ دەکاتەوە و دەیەوێ ئایندەیەکی گەشی بۆ دابین بکەی، کە خەون و خۆزگەکانی تیادا بێتە دی، نەك ئاسنی ساردی بۆ بکوتیتەوە..

(ئێمە رەزێکمان هەبوو لەسەری چیا بە مشار دەمانبڕی، بە پێمەڕە (پێ بێڵ) دەمانکێڵا، کە ترێیەکەی پێدەگەیشت، نیوەیمان بە گەنم دەدا و نیوەکەی تریشمان دەکردە مێوژ و دۆشاو، زستانان مێوژ و دۆشاوەکەمان دەخوارد) ، ئێستا ئەو حیکایەتە کۆنانە بۆ مناڵەکانم بگێڕمەوە گاڵتەیان پێدێت، چونکە ئەوان چاوەڕێی بەهرە و داهێنان و بەرهەمی تازەن لە دەست و بازووی من، نەك بەدیار دەم و زمانی منەوە دانیشن و گوێ لە سەربوردە و حیکایەتی کۆن بگرن، چونکە ئەم چەرخە چەرخی عەولەمە و تەکنۆلۆژیا و ئامرازی پێشکەوتووە و، گەل و وڵات بەو جۆرە شتانە پێش دەکەوێ، نەك بە سەربوردە و حیکایەتی کۆن..

لێرەدا دەتوانم حیزبی دادو گەشەپێدان بە نمونە بێنمەوە، ئەو حیزبە لە نەوەدەکان بەسەرەوە دامەزرا و هاتە ناو مەیدانی سیاسەتەوە، هیچ خەباتی شاخ و ئەشکەوت و لۆفە و پەنا و پێچ و ژێر زەمین و سەر زەمینی نەبوو، بەڵکو وەکو حیزبێکی مەدەنی پەیدا بوو و دەستی بە کاری سیاسی و ئیسڵاحیی خۆی کرد، بەڵام چونکە بە بەهرەیەکی پڕ لە داهێنان و بە عەقڵێکی کراوە و بە دیدو بۆچوونێکی روون هاتنە مەیدانەوە، لە ماوەیەکی کەمدا ناو و ناوبانگیان لە سەرتاسەری تورکیا دەنگی دایەوە، هەر لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12-9-2007 16:00

یەکەم هەنگاوی چوونە ناو پرۆسەی سیاسییەوە و لە یەکەم بەشداریکردنی هەڵبژاردن لە ساڵی (2002) دا دەنگێکی زۆریان هێنا و توانییان بە تەنیا حکومەتێکی پێگە قایم تەشکیل بکەن، دوای پێنج ساڵ لە خزمەتکردن و هەوڵ و تێکۆشانی بیناکردن و ئاوەدانکردنەوە و جێبەجێکردنی پرۆژەی گەورە گەورە و ماندووبوون و قوربانیدانێکی بێ سنور، ئەم جارەیان لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی (2007) دا میللەت زیاتر متمانەی پێ دانەوە و دەنگی زیاتریان بەدەست هێنا، بەڵام لەبیرمان نەچێ ئەوەش بە هەوڵ و خەبات و دڵسۆزی و خەمخۆری دەکرێ، سەرۆکی حیزبی دادوگەشە ئەوەندە دڵسۆزی وەزیفەکەی خۆیەتی، ئەوەندە خەمخۆری گەل و وڵاتەکەی خۆیەتی، زۆربەی ڕۆژەکان نوێژی بەیانیان لە ئەنجومەنی وەزیران دەکات، بۆ ئەوەی بتوانێ لێپێچینەوە لەگەڵ خەڵکی تر بکات، ئەگەر لە وەزیفە و کار و فەرمانیان دواکەوتن و کەمتەرخەم بوون.

جا پێویستە لەسەر هەموو ئەو حیزب و لایەن و نەتەوە ستەمدیدانەی کە خەون بە دەسەڵاتەوە دەبینن، پەند و ئامۆژگاری لە ئەزموونی حیزبی دادوگەشەپێدان وەرگرن، کە چ حیکمەتێك بوو بە خێرایی دەرکەوتن و بە خێرایی گەیشتنە لوتکەی دەسەڵات!! لێرەدا ئێمە وەکو کورد ئەزموونێکی تاڵمان هەیە لەگەڵ دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکاندا، بۆیە حەساسیەتمان بە وشەی (دەسەڵات) هەیە، بەڵام ئەگەر وەکو حیزبی دادوگەشەپێدان ئەو دەسەڵاتە بەکاربێنین بۆ خزمەتکردنی خەڵك و داهێنانی پڕ لەپیت و بەرەکەت و بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە، ئەو کاتە متمانە جێگای ئەم حەساسیەتە دەگرێتەوە و خەڵك لە بن چەتری دەسەڵاتدا دەحەسێتەوە.

لێرەدا ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە ئێمە کوڕی ئەمڕۆین و هەنگاو بەرەو سبەینێ دەنێین بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە دوێنێ بدەینەوە، چونکە (دوێنێ) مان هەمووی فرمێسك و خوێن و رووخاندن و وێرانکردن بوو، بۆیە دەبێ (سبەینێ) مان بکەینە خۆشی و شادی و بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە..

لە سەردەمی ئێستاماندا گەورەترین شۆڕش شۆڕشی داهێنان و بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییە، لە سەردەمی ئێستاماندا گەورەترین شانازی بۆ دەسەڵات دروستکردنی پرۆژەی خزمەتگوزارییە، کە هەموو چین و توێژەکانی گەل لێی سودمەند بن..

لێرەدا بە پێویستی دەزانم هەموو حیکایەتە کۆنەکان لە فەرهەنگەکانماندا بسڕینەوە و حیکایەتی نوێ فێری منداڵەکانمان بکەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.